پاشکۆی5
ڕابەر (یاریدەدەری قەشە) لە پەیمانی نوێدا
ئێمە لەو لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین کە وشەی یۆنانی (diakonos) وەربگێرین و ڕاڤەی بکەین کە بەرامبەر بە وشەی ئینگلیزی (deacon)ـە بە کوردی پێی دەوترێ (ڕابەر یان یاریدەدەری قەشە) بەڵام با بزانین کە یاریدەدەری قەشە کێیە؟
لە پەیمانی نوێدا تەنها دەربارەی سێ دەستەی نوێژخوێنان باسدەکات کە یاریدەدەری قەشەیان هەبووە، لە هەمووشیاندا ئەو یاریدەدەری قەشانە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە پیرەکانەوە هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانیش هەڵبژێردراون و دیاریکراون، نەك بۆ پێشڕەویکردن و سەرکردایەتیکردنی دەستەی نوێژخوێنان (کڵێسای ناوخۆیی)، بەڵکو تەنها بۆ بەڕێوەبردنی کارێکی دیاریکراو.
1. سنووری یاریدەدەری قەشەکان
أ. یاریدەدەری قەشەکان بەگوێرەی دیاریکردنیان سنووردار دەکرێن
ئامۆژگارییە فێرکارییەکانی ئینجیلی: پەیمانی نوێ چەند سنورێك باس دەکات بۆ یاریدەدەری قەشەکان، لە کاتێکدا ئینجیل فێرمان دەکات کە دەبێت دەستەی نوێژخوێنان پیران دیاری بکەن، بەڵام فێری ئەوەمان ناکات کە دەبێت یاریدەدەری قەشەکان دیاری بکرێت.
مێژوویی ئینجیلی: سەرەڕای دەستەی نوێژخوێنانی ئۆرشەلیم "کردار 6: 1 ـ 7" تەنها دوو دەستەی دیکە لە ئینجیلدا باسکراون کە یاریدەدەری قەشەیان هەبووە، ئەوانەش دەستەی نوێژخوێنانی فلیپی "فلیپی 1: 1" و دەستەی نوێژخوێنانی ئەفەسۆس "1تیمۆساوس 3: 8 ـ 13" بەم شێوەیە بەپێی پەیمانی نوێ هیچ دەستەیەکی دیکەی نوێژخوێنان بە یاریدەدەری قەشە نییە، یاریدەدەری قەشەکان دەستەی نویژخوێنانی ئۆرشەلیم بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ کار و ئەرکی تایبەت دانرابوون، بۆ نموونە فیلیپ تەنها بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یاریدەدەری قەشە بوو "کردار 6: 5 ، 8: 4 ـ 5".
ب. یاریدەدەری قەشەکان بەپێی سەرکردایەتیان دیاری دەکرێن
یاریدەدەری قەشەکان جێگەی پیران ناگرنەوە، بەڵکو ئەرکی یاریدەدەری قەشەکان جیاوازە لە هی پیران، نوسینگەی یاریدەدەری قەشەکان هەرگیز نوسینگەی سەرکردایەتی و بڕیاردان نییە بەسەر هەموو دەستەیەکدا، دەستەیەکی یاریدەدەری قەشەکان جێگەی دەستەی پیران ناگرنەوە "1تیمۆساوس 4: 14"، وەکو سەرکردایەتیکردنی دەستە، وا باشترە کەوا دەستەی یاریدەدەری قەشەکان هەر نەبێت، با یاریدەدەری قەشەکان لە ژێر فەرمانی پیراندا کاربکەن، ئەرکی یاریدەدەری قەشەکان خزمەتکردنە نەك بەرێوەبردنی کارەکان. لەوانەیە هەندێك جار پیران لەبەر هەر هۆیەك بێت هەندێك کار بدەنە دەست یاریدەدەری قەشەکان، بەڵام نابێت بیرمان بچێت کە سەرکردایەتی هی پیرانە.
ت. یاریدەدەری قەشەکان بەگوێرەی ئەرکەکانیان دیاری دەکرێن

هەروەها ئەرکی یاریدەدەری قەشەکانیش جیاوازە لە ئەرکی ئەندامە ئاساییەکانی دەستەکە، وشەی یاریدەدەری قەشە (واتا خزمەتکار) بەپێی "کردار 6: 1 ـ 7" یاریدەدەری قەشەکان هەڵدەبژێردرێن بۆ خزمەتێکی زۆر تایبەت و دیاریکراو لەناو ئەو دەستەیەدا، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی "1پەترۆس 4: 10 ـ 11" دەبێت ئەندامانی دەستە خزمەتێکی چالاکانەیان هەبێت لەناو دەستەدا، بە بەکارهێنانی تواناکانیان و خستنەگەڕی لایەنی ڕوحییان. لەبەر ئەوە یاریدەدەری قەشەکان جێگەی ئەندامەکانی دیکەی دەستەکەش ناگرنەوە و جیاوازن.

2. توانا و لێهاتوویی یاریدەدەری قەشەکان لەسەر بنەمای ئینجیل

"کردار 6: 3؛ 1تیمۆساوس 3: 8 ـ 13" بخوێنەوە.

بدۆزەرەوە و گفتوگۆ بکە: توانا و لێهاتوویی یاریدەدەری قەشەکان لەسەر بنچینەی ئینجیل چین؟

سەرنج: هەرگیز یاریدەدەری قەشەکان نابێت لەسەر بنەمای پلە و پایەکانیان هەڵبژێردرێت، یان لەسەر بنەمای هێز و دەسەڵات و سامانیان لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو دەبێت لەسەر بنەمای ڕەوشتی کەسێتی یان ژیانی خێزانییان و توانای بەڕێوەبردنیان هەڵبژێردرێن.

3.ئەرکی یاریدەدەری قەشەکان

"بەشی 8ـ 9 لە 2کۆرۆنسۆس؛ 1یۆحەنا 16 ـ 18؛ یاقوب 1: 27؛ 2: 15 ـ 17؛ کردار 6: 1 ـ 2" بخوێنەوە.

بدۆزەرەوە و گفتوگۆ بکە: کارە تایبەتییەکانی یاریدەدەری قەشەکان چین؟

سەرنج:

أ. کار و ئەرکی یاریدەدەری قەشەکان جیاوازن لە کار و ئەرکی پیرەکان: یاریدەدەری قەشەکان جێگەی پیرەکان ناگرنەوە، دەستەیەك لە یاریدەدەری قەشەکان جێگەی ئەنجوومەنی پیران ناگرێتەوە. ئەرکی یاریدەدەری قەشەکان خزمەتکردنە، نەك بەڕێوەبردنی کاروبار و ئەرکەکانی دیکەی دەستەی نوێژخوێنانی کڵێسا.

ب. هەروەها ئەرکی یاریدەدەری قەشەکان جیاوازە لە ئەرکی ئەندانە ئاساییەکانی دەستە: یاریدەدەری قەشەکان جێگەی ئەندامە ئاساییەکان ناگرنەوە، هەر کارێکیش کە دەستەی نوێژخوێنان پێویستی پێی بێت دەتوانن ئەنجامی بدەن.

ت. ئەرکی دیاریکراوی یاریدەدەری قەشە بریتییە لە چاودێریکردنی ئەو بارودۆخانەی کە لە ئەنجامی ووتاردان و خوێندنەوەی ئینجیل و گەشەسەندنی دەستەی نوێژخوێنان دروست دەبن " کردار 6: 1 ـ 7" بخوێنەوە.

سەرنج : لە یەکەم دەستەی مێژووی ئۆرشەلیمدا یاریدەدەری قەشەکان لەبەر هۆکاری دیاریکراو و تایبەت هەڵبژێردرابوون، کاتێك ژمارەی قوتابییەکان بەرز بۆوە بۆ پێنج هەزار کێشەیەك سەری هەڵدا، ئەویش ئەوەبوو کە چەند کەسێك لە خواردنی ڕۆژانە بێبەش دەبوون، نێردراوەکان بەیەکەوە لەگەڵ

هەندێك لە ئەندامانداهەندێك كەسیان لەنێوان خۆیاندا هەڵبژارد بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەو بارودۆخە بێت و باشترین خزمەت بكەن، لێرەدا یاریدەدەری قەشەكان هەڵدەبژێردران لەبەرئەوەی پیرەكان كاتی تەواویان نەبوو، هەندێكیشیان نەیاندەتوانی ئەو كارە بكەن.
لەبەرئەوە دەبێت یارمەتیدەری قەشەكان بۆ خزمەت تایبەت بكرێت كە شارەزایی تایبەتی دەوێت، لەبەرئەوە یاریدەدەری قەشەكان سەركردایەتی ئەركە دیاریكراو و تایبەتیەكانیان دەكرد كە لەلایەن ئەنجوومەنی پیرانەوە بۆیان دیاری كرابوو. یارمەتیدەری قەشەكان دەبوونە مامۆستای گروپێك لەناو دەستەدا.
پ. ئەركی بنچینەیی یاریدەدەری قەشەكان بریتی بوو لە چاودێریكردنی كەسانی هەژار و نەداری ئەندامانی دەستەی نوێژخوێنان.
"كردار 6: 1 ـ 2؛ 1كۆرۆنسۆس 16: 2 ـ 3؛ یاقوب 1: 27؛ 2: 15 ـ 17؛ 1یۆحەنا 3: 16 ـ 18" بخوێنەوە.
سەرنج: یارمەتیدەری قەشەكان لە پەیمانی نوێدا هەڵدەبژێردران، لەبەرئەوەی پیرەكان كات و توانای ئەوەیان نەبوو كە چاودێری هەژاران بكەن، سەرەڕای ئەنجامدانی كارەكانی خۆیان. یەكێك لە ئەركە تایبەتییەكانی یاریدەدەری قەشەكان بریتی بوو لە كۆكردنەوەی پیتاك و بەخشین كە باوەڕداران بۆ خودا دەیانكرد، لەدوایدا بۆ دابەشكرنی ئەم بەخشینانە بۆ خەڵكی هەژار و كەم دەرامەت لەناو دەستەی نوێژخوێنانی خۆیاندا. بەپێی "2كۆرۆنسۆس 8: 4؛ 20؛ 9: 1، 12، 13" هەروەها ئەو پاداشتەی دیكەشیان ڕێكدەخست كە بۆ یارمەتیدانی كەسانی دیكەی دەستەكەیان دیاری دەكرا.
پوختە: ئەگەر یاریدەدەری قەشەكان هەڵبژێردران، بۆ ئەوە هەڵنەبژێردراون تاكو سەركردایەتی دەستەی نوێژخوێنان بكەن، بەڵكو تەنها هەڵبژێردراون تاوەكو لە ئەركی دیاریكراو خزمەت بكەن كە لەناو دەستەدا پێیان دەسپێردرێت، جێگەی خزمەتی ئەندامانی دیكە ناگرنەوە، بەڵكو لەو بوارەدا خزمەت دەكەن كە شارەزایی و لێهاتوویی ئەوانی پێویستە. ئینجیل كار و فەرمانی ئەوان دیاری دەكات، خزمەت دەكەن تاوەكو ئەوەی كارە تایبەتەكانیان تەواو دەبێت.